# عەولەمە و دیشلەمە. . . !!!

ئەیوب گەلاڵی
ayoubgalali@hotmail.com



ڕەنگە لە سەرەتادا بپرسن ئەرێ دەبێ چ پەیوەندییەك لەنێوان عەولەمە وەکو دیاردەیەکی سیستەمی نوێ جیهان و دیشلەمەدا وەکو مادەیەکی شیرینکەری چا خواردنەوە هەبێ؟!، تۆزێك سەبرو تەحەمول بە خۆتەوە بگرە ـ خوێنەری ئازیزـ پاش کەمێکی تر نهێنی و پەنهانی ئەم پەیوەندییە ئاشکرا دەبێت و تۆش دەگەیتە بنج و بناوانی باسەکان.

لە ئاخرو ئۆخری ئەم سێ چوارساڵەی دواییدا مەسەلەی (عەولەمە) یاخود (جیهانگیری) Globalization بە شێوەیەکی زۆر خێراوکاریگەر بڵاوبۆوە و ئێستاشی لەگەڵدابێ ـ بۆتە سەردێڕو ناونیشانی گەلێك لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان، هەروەها پانتاییەکی فراوانیشی لە بواری ڕاگەیاندندا ـ بینراو، بیستراو، خوێنراو ـ و میدیا جیهانییەکان گرتۆتەوە، تەنانەت لە گفتوگۆو باسکردنی نێوان برادەران و خێزان و زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم لە مەجلیسی ئافرەتانیش باس و خواسی لێوە دەکرێت، هەندێك لە نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی لای خۆشمان ـ ماڵیان ئاوا بێ ـ کەوتوونەتە نووسین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەربارەی و هەرکەسەو بە هەوەس و ئیجتیهاداتی خۆی، گوزارشتی لێدەکات، تەنانەت تەنەبوئاتی جۆراوجۆریشی بۆ دادەڕێژێت، ئەوەی من بۆی بچم ئەوەیە کە ئەو نووسین و تێڕوانینانەهەر هەمویان لە ناوەڕۆکدا هاوچەشنن، تاکە جیاوازی کە لەنێوانیاندا هەبێت تەنها لە ناونیشانی بابەتەکانە کە هەندێکیان بە (کورد و عەولەمە) دەینوسن و ئەوانی تر بە (عەولەمە و کورد) یەکێکی تر بە (کورد و جیهانگیری) ، ئەوی تریان بە (جیهانگیری و کورد) ناوی دەبات، بەندەش بە (عەولە و دیشلەمە) ناوم بردووە. خولاسەی قسان وەکو عارەب گۆتەنی (الموت واحد والاسباب متعددە) یە، کە ناوەڕۆکی هەموو بابەتەکان یەکە، بەبێ هیچ گۆڕانێك یا جیاوازییەك لە جەوهەری کێشەکاندا.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە نهێنی ناونیشانی بابەتەکەتان بۆ بدرکێنم، ڕەنگە (عەولەمە) و (دیشلەمە) بە قودرەتی قادرئەگەر بۆ جارێکیش بێت لە مێژوودا یەکدی بگرن و چەند ساتێکیش تێکەڵ بە ك بن ولە گەڵ یە کیشدا بمێننەوە، بەڵام چۆن؟ چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: ماوەیەك لەمەوبەر لە دانیشتنێکی دووقۆڵیدا لەگەڵ برادەرێکی ڕۆژنامەنووسم ـ کە خۆی بە عەولەمەزان دادەنێ ـ کەوتە باسکردنی سیستەمی جیهانی نوێ و نزیك بوونەوەی بایۆکۆپی کردنی مرۆڤ وململانێی شارستانەکان و کۆتایی مێژوومەسەلەکانی ئیرهاب و ئیرهابچییەکان .... وگەلێك باس و بابەتی جۆراوجۆری دیکە کە بە شێوەیەکی ئەوتۆ تێکەڵ و پێکەڵی یەکتری کردن نە سەری دیاربوو نە بنی، وەك دەڵێن سەد خۆزگەم بە (چێشتی مجێور) ی، ئە وەندە باسی عەولەمەو مەولەمەی کرد تەنانەت سادەترین شتت بۆ باس کردبایە بەبێ سێ و دوو، سەرتی بۆ بادەداو دەیگوت: (بزەبت) ئەوەش کاریگەی عەولەمەیە، بەندەش کە هێشتا نە چوومەتە ناو دنیای (دیشلەمە) ببورن... (عەولەمە) و موشتەقاتەکانی، بە ناچاری سەری ڕەزامەندیم بۆ قسەکانی دادەنواندو بە ناحەقیش تەئیدم دەکردن. لە ناکاودا وەك یەکێك لە خەودا ڕاچەڵەکێ گوتی: لەوانەیە باوەڕنەکەی ئەگەر بڵێم فەزل و چاکەی بینینی دانیشتنەکانی دادگایی کردنی گەورەترین سەرۆکی دنیا لەسەر شاشەی بچوك کە لە هەموو ماڵێکدا بینرا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و ئاسەوارەکانی عەولەمەوە.

زۆر لەسەرەخۆ گوتم:

بۆ باوەڕ نەکەم، وا لە سایەی (پێو قەدەم بەخێری) عەولەمەوە، ئێستا جیهان وەکو گوندێکی بچوکی لێهاتووەو هەر چیەکت گەرەك بێت ئەوا بە کونفەیە کونێك لەبەردەستتدا ئامادە دەبێت و بەدیداری شاد دەبیت، تەنانەت (کاك عەولەمە) وای لێ کردووینە کە ڕۆژانە زیاتر لە چەند کاتژمێرێك بەرامبەر تەلەفزیۆن و (سەتەلایت) ئۆقرە بگرین و نرخی دراوو بۆرسەی بازاڕەکانی جیهان و (موئەشیراتەکانی) (داوجۆنزو نیکاو کومێرز بانك) بە زووترین کات بزانین، هەروەها کەش و هەوای هەموو دونیا لە ماوەی (٢٤)

کاتژمێری رابردوو (٢٤) کاتژمێری داهاتووش، بەهەمان شێوە وەربگرین، گەر کار ئەوها بڕوا ئەوا لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکداو لە سایەی بەرەکەتی عەولەمەدا ـ نەعوزوبیلا ـ شتە غەیبییەکانیش ئاشکرا بن و فەزائیحەکانی خەڵك بە نوێژی نیوەڕۆ بەدیار بکەون، بە کورتی و کورد گۆتەنی: (ئەوەی بن بەڕێ بێنە سەر بەڕێ) . پاش باس و خواسێکی بێ فائیدەو دەمدەمانێییەکی زۆر لەمەڕ دنیای عەولەمەو عەولەمەکاری کە نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك و دڵنیاشم کە ناگەینە هیچیش، برادەرەکەم بۆ ئامادەکردنی چایەکی دەمەو عەسرانە هەستاو پێی گوتم:

ـ چایەکەت شیرین بێت یان تاڵ؟!!

لە بەپەلەیی و مێشك پڕیم لە باسی عەولەمەی نیگبەت گوتم:ـ

ـ با (عەولەمە) ... مەخسەدم (دیشلەمە) بێت!!!.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت